**دەنگەکان** :ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پاش ڕاپەرینەوە تا ئێستا لە دەرەوەی مەوعیزە و گوتارە سیاسییەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال، هاوکاتیش ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ خاوەنی چ پرۆژە و ئاسۆیەک بێت لەو بارەوە ؟.

**هەژێن :**

لەبەر ئەوەی کە پرسیارەکەتان گشتییە، ناچار دەبم، پێناسەیەکی وردتر بۆ ئەوەی کە بە ڕۆژنامەگەری کوردی ناسراوە، بکەم و ئەوساکە بێمە سەر وەڵام بە پرسیارەکەی ئەنگۆ. من خۆم ناتوانم ڕۆژنامەگەری کوردی لەژێر ساباتێکدا کۆبکەمەوە و پێشم وایە کارێکی واش لە وەڵامی دروست و پڕ بەپێست، دوورمان دەخاتەوە.

ئەگەر مەبەستمان لە ڕۆژنامەگەری کوردی، ئەو ژورناڵە بێت، کە بەپێی بەرژەوەندی دەسەلاتداران، ئاوڕ لە پرسەکانی کۆمەلگە دەداتەوە، ئەوا پێموایە ئەگەر خودی ئەنفال و ڕاستییەکانی پشت ئەم کارەساتە، ئەم کۆمەڵکوژییە، ئەم پاکتاوکردنەی نەشێواندبێت، ئەوا هەوڵی کەمرەنگ کردنەوە و پەردەپۆشکردنی داوە. چونکە ئەوەی ئەورۆکە دەزگە ژورناڵییەکانی کوردستان، زورنای بۆ دەژەنن، نە ئەنفالە و نە پاشکارابیەکانی ئەنفال و نە پرسە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە و قوربانیانی ئەنفال. هەر کاتێکیش لە بارەی ئەنفالەوە، شتێکیان وتبێت یا نووسیبێت، ئەوا وەک کارتی قومار بەکاریان بردووە و پاش بە ئامانج گەیشتنیان، دوبارە خراوەتەوە پشتپەردە.

لەمە زیارتریش چاوەڕوانی کردن لە ژورناڵی فەرمی و دەربار، دەچێتە خانەی خۆشخەیاڵی و بە هیچ شوێنێکمان ناگەیێنێت. دەکرێت، ڕۆژێ ئەم ژورناڵە، لێبراوانە بێتە پای ئەم پرسە، ئەویش ئەو کاتەیە کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی پێویستیان بە وروژاندنی ئەو پرسە هەبێت. ئەمەش دوورە و خودی فرۆشتنی بەڵگەنامەکان لە پاش ئازاری 1991 لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بە ئەمریکا و شاردنەوەیان لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵگەی لە بەرژەوەند نەبوونی ئەم پرسەیە بۆ هەردوولا و دەشوێرم ئەوە بڵێم، کە پێشنیارکردن و بەرجەستەکردنەوەی ئەم پرسە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا بە زیانی وان تەواو دەبێت، چونکە لاقێکیان لەو لیتاوەدا چەقیوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان تیایدا تاوانبار دەبن! ئەگەر وا نەبوایە ملیان بە لە سێدارەدانی سەدام و دارودەستەکەی، پێش دادگاییان لەسەر ئەنفال و کیمیاباران، نەدەدا و ئالای الله اکبر بەعس و ئەنفالیان لە کوردستاندا پاش ڕاپەڕینی ئازار و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا لەسەر گلکۆی قوربانییەکانی نەدەشەکاندەوە!

تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ژورنالی ئازادی کوردی – ئازاد بە واتای نافەرمی–، دیسانەوە ڕووبەڕووی پۆلێنکردن دەبینەوە و بەرژەوەندی جیاواز لە پشت هەوڵەکانەوە دەبینین؛ ئێمە ناتوانین ئامانجی ناوەند و کەسانێکی دڵسۆز لەگەڵ ئامانجی پارتێکی سیاسی دا، کە ئەم پرسە وەک تاکتیک و کارتی فشار بۆ سەر دەسەلات بە کار دەبات، هاوتا بکەین. بەلام دەتوانین قسە

لە کاری تاکەکەسی دلسۆزانە لەم بوارەدا بکەین؛ لەوانە هونەرمەندانی شێوەکار، نووسەران، ڕەخنەگران، هەڵسوراوانی بواری مافی مرۆڤ و هێتریش بکەین.

وەک هەموومان دەزانین، کە گرفتەکە لەوەدایە کە هەم ئەرکێکی وا پێویستی بە کەسانی شارەزا و ئەکادیمی، کاری بە کۆمەڵی دەوێت، هەم پاڵپشتی ڕامیاری و ئابوری دەوێت. لەم پێناوەدا دەکرێت، بەپێی توانا پشتیوانی لە کارە تاکەکەسییەکان بکرێت و تا ئاستی گەلکاری پەرەیان پێ بدرێت. پشتوانی لەهەر ناوەندێکی سەربەخۆ، کە دەیهەوێت، لە ڕێگەی بەکارخستنی تواناکی جەماوەرەوە، ئەم پرسە بکێشێتە سەرووی لیستی کاری میری یا ناوەندە پەیوەستە جیهانییەکان، کارێکی پێویستە.

بەرای من دەکرێت، بە جیهانکردنی پرسی ئەنفال و کیمیابارن وەک کلیلی چارەسەری ستەم لە کوردەکان لە هەر چوارپارچەکەدا بە گشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی بەکار ببرێت. هەروەک جولەکە پرسی کۆمەڵکوژی کردە ئامراز – هەرچەندە ئەوکات نیازێکی تر لە پشت دەوڵەتکردنی جولەکەکانەوە، هەبوو–، بەلام کارکردنیان بۆ ئەو پرسە کەم بایەخ نەبوو. ئەمەیان ئەرکی پسپۆران و کەسانی ئەکادیمی و نووسەرانە، ئەرکی هەلسوراوانی سەربەخۆ و دڵسۆزە.

بەلام تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ناوخۆ، دەکرێت، پێش لە دەستدانی کات و هەل، کاری بۆ بکرێت؛ ئەویش تۆمارکردنی یاداوەریی کەسانێکە کە بینەری ئەو تاوانە بوون؛ دەکرێت بە ڤیدیۆ بە تۆماری دەنگ، بە نووسینەوە، بە فیلمی دۆکومێنتری، وێناندنی بەسەرهاتەکان، بە دروستکردنی پەیکەر بۆ قوربانیان لە شوێنی ڕووداو، چ ئەوانەی ئەنفالکران، چ ئەوانەی بە چەکی ئاسایی و کیمیایی کوژران، مێژوو تۆمار بکەین و ڕووداوەکە لە ویژدانی خۆمان و مرۆڤایەتیشدا، زیندوو ڕاگرین. دەکرێت ئەمە مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی کراوە بێت، واتە لەبری کۆکردنەوەی پەیکەری قوربانیان لە بالاخانەیەکدا، دەکرێت هەر قوربانییەک لە شوێن کوژرانی یا ئەنفالکردنی پەیکەری بۆ سازبکرێت.

بەرای من ئەمەی دواییان بە پشتبەستن بە وانیتر: تۆمار و وێناندن، زۆر کاریگەر دەبێت. هونەرمەندە لاوەکان و خوێندکارانی پەیکەرتاشی دەتوانن ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن، هەر هیچ نا وەک مۆدێلی کار بەکاریان بەرن. ئەمە نەک تەنیا بۆ دانیشتوانی گوندەکان کە ئەنفال کران، دەکرا پارتەکانی بزووتنەوەی چەکداری وەک یاداوەرییەکی پڕ ڕێز و شانازی بۆ پێشمەرگە گیانبەختکردووەکانیان بەکاری بەرن! لەوانەیە کەسانێک یا دەسەلات داگیرکردنی شوێن بۆ ئەم مەبەستە بکەنە بیانوو، بەلام هەم قوربانیان مافی ئەوەیان هەیە و پێیان دەبڕێت، هەم پرسەکە ئەوە دێنێت. ئەگەر کوردستان هی هەمووانە، کەواتە قوربانیان؛ چ پێشمەرگەی گیانبەختکردوو، چ دانیشتووی ئەنفالکراو و کیمیابارانکراو، هێندەی لێپرسراوەکان لە خاکی کوردستاندا مافیان هەیە و دەبێت بۆیان تەرخان بکرێت.

ئەمە باشترین ئامرازە لە زیندووراگرتنی مێژوودا، سەرنجی خوێنەرانی هێژا بۆ ئاتەشگەکان لە کوردستان رادەکێشم، هەرچەندە مێژوویەکی تۆمارکراوی ئەو ناوچانەمان نییە، بەلام خودی ئاتەشگەکان – ئاگردانەکان – مێژوومان بۆ دەگێڕنەوە و گەواهی لە بوونی ئایینی ئاورپەرستی لەو ناوچانەدا دەدەن. بەمجۆرە بوونی پەیکەری گیانبەختکردووان لە بست بە بستی کوردستاندا، گەواهی لە ستەمدیدەیی و قوربانی بوونی دانیشتوانی ئەم دەڤەرە دەدەن.

لە ئەمرۆدا پەیکەرسازی بۆ هەر پێشمەرگەیەکی گیانبەختکردوو، گوندنشینێکی گیانبەختکردوو، هەر ئەنفالکراوێک، هەر کوژراوێک بە کیمیایی، زیندووراگرتنی مێژوو، هاوکات یاداوەری یەکەیەکی ئەو ئازیزانەیە. من بۆ خۆم لە مۆمۆنتێکدا بۆ ئەنفالکراوان، یاداوەری دانیشتوانی گوندەکانی دوکان و دیوانە و دێلێژە و ... تد یا کیمیابارانکراوانی هەڵەبجەم لا زیندوو راناگرێت، بەڵکو ئەم مۆمێنتانە هەوڵی رازیکردنی جەماوەری کورد و فەرامۆشکردنی بە کۆمەڵی قوربانیانە! هەر بۆیە جەماوەری نارازی هەلەبجە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان مۆمێنتەکە و قوربانیاندا نابیننەوە و دەیسوتێنن.

لەم ڕۆژانەی دواییدا، نووسینێکی (بەرێز قادر ڕەشید)م لەمەڕ کیمیابارانکردنی گوندەکانی ناوچەی قەرەداغ خوێندەوە، کە بەرای من گەر هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە، ئاوا بە وردی یاداوەرییەکان تۆمار بکات و پەیکەرتاشان و وێنەکێشان و ئەکتەرەکان کاری لەسەر بکەن، مێژووی ئەنفال و کارەساتەکانی کوردستان لە مردن و فەوتان ڕزگاریان دەبێت و بە دۆکومێنتێکی هەردەم زیندوو تۆمار دەکرێن.

من لەوە تێدەگەم کە بۆچ سەروەرانی کوردستان دەست بۆ ئاوا کارێک نابەن یا لەوانەشە ڕێگری بکەن، چونکە هاوکات لەو شوێنانەی کە هێرشیان دەکردە سەر گوندەکان و پێشمەرگە، دەبێت پەیکەر بۆ بەکرێگیراوان و دژەخونان سازبکرێت. ئەمە بۆخۆی بە واتای هەڵوەشاندنەوەی لیستی شەهیدانی پارتە دەسەڵاتدارەکان و سەندنەوەی ئەو شوناسنامە شۆڕشگێڕییەیە کە پارتە بۆرژواکانی کورد لە پاش ڕاپەڕینی ئازاری 1991، بە سیخوڕ و خۆفرۆشانیان بەخشی.

بەلام ڕێگری و نائادەیی دەسەلات، نابێت هەڵسوراوان و دلسۆزانی ئەم بوارە بگێڕێتەوە، چونکە ئەمە ئەرکی سەرشانی جێماوان– دانیشتوانی کوردستان–ی ئەو قوربانیانەیە ، کە ئەنفال و کیمیاباران لە کۆڕی ئێمەیان دابڕین و بە مردنی هەر بینەرێکی ئەو ڕووداوانەش چەند لاپەڕە و بەسەرهاتێکی ئەو مێژووە، دەفەوتێن. ئەمە ئامادەیی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی پێویستە و خۆدزینەوە لەم فەرمانە، هۆکارێکە بۆ درێژبوونەوەی کارایی بەعسیزم بۆ سەر ژیانی داهاتوومان و دەستەمۆمانەوەمان لە سای دەسەلاتی بەعسیانەی پارتە بۆرژوازییەکانی کورد.

2004/04/10